# یاسای سەندیکای کیمیاگەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٣**
**رۆژی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٨**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٩/١١/٤یدا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

## یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای سەندیکای کیمیاگەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم کوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانن بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
سەندیکا: سەندیکای کیمیاکەران.
دەستە: دەستەی کشتی سەندیکا.
ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکا.
ئەقیب: ئەقیبی کیمیاکەران.

### بەشی یەکەم
### (دامەزراندن و ئامانجەکان)

**ماددەی دووەم:**

١ـ بەپێی ئەم یاسایە سەندیکایەک بۆ کیمیاکەران دادەمەزرێندرێ و کەسایەتی مەعنەوی خۆی دەبێ و بارەکاکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێ و بۆی هەیە لقەکانی لەناوەندی پارێزکاکانی هەرێمدا بکاتەوە.

٢ـ دەستەیەکی ئامادەکار لە (١٥)پانزدە کەس پێک دێت بەرەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان تاکو هەڵبژاردنی گشتی دەکرێ.

**ماددەی سێیەم:**

سەندیکا هەوڵ دەدات لە پێناو هێنانەدی ئەو ئامانجانەی خوارەوە:

١ـ بەشداری کردن لە پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم و سیستمی دیموکراتی و پاڵپشتی کردن و چەسپاندن و پەرەپێدانی فیدرالیزم.

٢ـ بەشداری کردن لە راپەڕینی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاوەدانکاری و رۆشنبیری و زانستی بە هاریکاری لەگەڵ لایەنە پسپۆڕەکاندا.

٣ـ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەندامانی سەندیکا لە رووی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابوورییەوە، هەروەها داکۆکی کردن لە مافەکانیان و چاودێری کردنی بەرژەوەندییەکانیان.

٤ـ رێکخستنی بنەماکانی دەست دانە پیشە.

٥ـ پەیوەندی پێکهێنان و هاریکاری کردن لەگەڵ دەستەو کۆمەڵە پیشەییەکانی تر لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا.

٦ـ کۆشش کردن بۆ زامنکردنی دوا رۆژی ئەندامان لە کاتی نەخۆشی و پیری و بێ کاریدا.

٧ـ هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پسپۆڕەکاندا بۆ بوار رەخساندن لە بەردەم ئەندامانی سەندیکادا تا خوێندنی لەناوەوەو دەرەوە بیانکرێتەوە.

## بەشی دووەم
## (چوونە ناو سەندیکاو ئەندامییەتی)

**ماددەی چوارەم:**

ئەندام دەبێ ئەو مەرجانەی لێ بێتەدی:

یەکەم: هاووڵاتی هەرێم بێ و تیایدا جێواربێ.

دووەم: بەتاوانێکی نا سیاسی یان کەتنێکی نابرۆ بەر حوکم نەدرابێ.

سێیەم: بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان هاوتای ئەوی لە کیمیادا بەدەست هێنابێ و لە بواری تەکنیکاری یان زانستی لە سنووری پسپۆڕییەکەیدا کاری کردبێ.

**ماددەی پێنجەم:**

یەکەم: چونە ناو سەندیکا بە پێشکەشکردنی داواکارییەکی نووسراو دەبێ کە پێشکەش بە نەقیب دەکرێ و بەڵگەنامەی پێویستیشی پێوە دەلکێندرێ.

دووەم: داواکاری چوونە ناو سەندیکا لە ماوەی پانزدە رۆژ لە مێژووی تۆمارکردنییەوە دەخرێتە بەردەمی ئەنجوومەن، ئەنجوومەنیش لەسەریەتی لەو ماوەیەدا بیبڕێنێتەوە، ئەگەر ئەو ماوەیە تێپەڕی و نەیبڕاندەوە، داواکارییەکە بەقەبوڵکراو دادەندرێ.

سێیەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە داواکاری چوونە ناو سەندیکا بە بڕیارێکی هۆدار دەفز بکات، وە خودان داواکاریش بۆی هەیە لەلای دادکای پێداچوونەوەی هەرێمدا لە ماوەی سی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی ئاگاداربوونییەوە تانەی لێ بداو بڕیاری دادکاش بن برە.

**ماددەی شەشەم:**

یەکەم: ڕەسمی چوونە ناو سەندیکا سی دینارە.

دووەم: ڕەسمی بەشداریکردنی ساڵانە بیست دینارەو لە ماوەیەک دەدرێ کە لە مانگی شوباتی هەموو ساڵێک تێناپەڕێ، ئەگەر ئەندام لە کاتی دیاریکراو ڕەسمی دواکەوت (٥٠٪) لە ڕەسمی بەشداریکردنی ساڵانە جەزا دەکرێ و ئەگەر دوو ساڵی یەک لە دوای یەک بەبێ عوزری ڕەوا لەدانی ڕەسمی بەشداریکردن دواکەوت ناوی لە تۆماری ئەندامان وەدەردەندرێ.

## بەشی سێیەم
## (پێکهاتەکان)

**ماددەی حەوتەم:**

سەندیکا لەمانە پێک دێ:

١ـ دەستەی کشتی.
٢ـ ئەنجوومەنی سەندیکا.
٣ـ لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط).
٤ـ لقەکانی سەندیکا لە پارێزکاکان.

**ماددەی هەشتەم:**

دەستەی گشتی لەهەموو ئەو ئەندامانە پێک دێ کە پابەندییەکانی خۆیان بەگوێرەی ئەم یاسایە جێبەجێ کردووەو بە باڵاترین دەسەڵات دادەندرێ لە سەندیکادا، هەر بە سێ ساڵ جارێک لە نێوان مانگی کانوونی دووەمدا بە بڕیاری ئەنجوومەن و بانگهێشتی نەقیب کۆبونەوەیەکی ئاسایی لە بارەکاکەیدا ئەنجام دەدات، بۆ هەڵبـژاردنی نەقـیب و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەک بۆ پڕکردنەوەی ئەندامییەتی ئەنجوومەن و ئەندامانی لیژنەیبەرزەفتی (الانضباط)، ڕاددەی یاسای (نیساب)یش بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەستەی کشتی تەواو دەبێ، وە لە کاتی تەواو نەبوونی (نیساب) هەڵبژاردن پانزدە ڕۆژ دوای کۆبوونەوەی یەکەم لەهەمان کات و شوێندا ئەنجام دەدرێ و (نیساب)یش بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامان بەتەواو دادەندرێ، بە پێچەوانەوەش ئەنجوومەن بۆ خولێکی تریش بە بەردەوام دادەندرێ لە کارەکانیدا.

**ماددەی نۆیەم:**

دەستەی کشتی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:

یەکەم: ڕاستاندنی بودجەو حسابکاری دوماهی.

دووەم: کفتوکۆکردن و بڕیاردان لەسەر ڕاپۆرتی ئەنجوومەن.

سێیەم: چاوپیاخشاندنی ئەو پێشنیارانەی کە لە بارەی هەمووارکردنی یاسای سەندیکاوە پێشکەش دەکرێن.
چوارەم: بڕیاردان لەسەر پێڕەوی ناوخۆو هەموارکردنی.

**ماددەی دەیەم:**

یەکەم: دەکرێ دەستەی کشتی بانکهێشتی کۆبوونەوەی نائاسایی بکرێ لە یەکێک لەم دوو حاڵەتانەی خوارەوەدا:
١ـ بە بڕیارێکی هۆدار کە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەن دەیدەن.
٢ـ بە داواکارییەکی نووسراوی هۆدار کە سێ یەکی ئەندامانی دەستەی کشتی پێشکەش بە ئەنجوومەنی دەکەن، ئەنجوومەن لەسەریەتی بانکهێشتنامە دەربهێنێ و کاتی کۆبوونەوە لە نێوان پانزدە ڕۆژ لە مێژووی گەیشتنی داواکارییەکەوە دیاری بکات.
دووەم: نابێ لە کۆبوونەوە نائاساییەکانی دەستەی کشتیدا باس لە هیچ کارێک بکرێ غەیری ئەو کارانە نەبن کە لە بەرنامەی کاردا جێگیرکراون و لە کاتی کۆبوونەوە لە پێناویاندا.

**ماددەی یانزدە:**

یەکەم: نابێ ئەندام بەشداری لە کۆبوونەوەکانی دەستەی کشتی دا بکات ئەگەر لەلانی بەرزەفتکارییەوە (إنضباطیا) دەستدانە پیشەی لێ قەدەغەکرابێ.
دووەم: بڕیار لەکۆبوونەوەکانی دەستەی کشتییەوە بە زۆرینەی دەنک دەردەچێ و لە کاتی یەکسان بوونیشدا بەو لایەنە دادەلەنکێ کە نەقیبی لەکەڵدابە.

**ماددەی دوانزدە:**

ئەنجوومەنی سەندیکا پێکدێ لە:
١ـ نەقیب: مەرجە ماوەی دەست دانە پیشەکەی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.
٢ـ هەشت ئەندام بە بریکاری نەقیب و سکرتێریشەوە: لەوانە بن کە ئەو ماوەیەی لە دەست دانە پیشەکەیان قەتاندوویانە لە حەوت ساڵ کەمتر نەبێ.

**ماددەی سێنزدەم:**

یەکەم: ئەنجوومەن لە نێوان ئەندامەکانیدا بە هەڵبژاردنی نهێنی بریکاری سەرۆک و سکرتێرێک هەڵدەبژێرێ.
دووەم: ئەنجوومەن مانکی یەک جار دانیشتنە ئاساییەکانی خۆی دەکا هەروەها بۆی هەیە دانیشتنی نائاسایش لەسەر بانکهێشتی نەقیب یان بە داواکاری سێ یەکی ئەندامان ئەنجام بدات.

**ماددەی چواردە:**

یەکەم: ڕاددەی یاسایی (نیساب) لە ئەنجوومەندا بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان تەواو دەبێ و بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنکی ئامادەبووان دەردەچێ، وە لە کاتی یەکسان بوونی دەنکەکانیش بەو لایەنە دادەلەنکێ کە نەقیبی لەکەڵدایە.

دووەم: ئەگەر بەهەر هۆیەکەوە شوێنی ئەقیب چۆڵ بوو جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە یان سکرتێر ئەگەر شوێنی جێگری ئەقیب چۆڵ بوو ئەویش ئەوەندە ماوەیەی کە باقی ماوە.
سێیەم: ئەگەر بەهەر هۆیەکەوە شوێنی یەکێک لە پایەکانی ئەنجوومەن چۆڵ بوو، ئەندامێک لە نێوان ئەندامە یەدەکان شوێنی دەگرێتەوە.
چوارەم: ئەگەر پایەی پتر لە ئەندامێکی ئەنجوومەن چۆڵ بوو، ئەنجوومەن لەسەریەتی لە ماوەی دوو مانگدا بانگهێشتی دەستەی گشتی بکا بۆ هەڵبژاردنی ئەوانەی شوێنی ئەم پایانە پڕ دەکەنەوە بۆ ئەوەندە ماوەیەی کە باقی ماوەتەوە، ئەویش بە هەمان ڕێگا کە لەم یاسایەدا دیاری کراوە.

**ماددەی پانزدەیەم:**

ئەنجوومەن ئەم پسپۆڕیاتیانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:
١ـ کارکردن لە پێناو هێنانەدی مەبەستەکانی سەندیکا.
٢ـ پێشنیار پێشکەش کردن بەدەستەی گشتی دەربارەی هەمووارکردنی یاسای سەندیکا.
٣ـ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی.
٤ـ کارمەند دامەزراندن لەسەندیکادا و دیاری کردنی کرێکانیان.
٥ـ سەیرکردنی داواکارییەکانی هاتنە ناو سەندیکاو ڕەزامەندی لەسەرکردنی.
٦ـ دیاری کردنی ئەوەی نوێنەرایەتی سەندیکا دەکا لە لیژنە ڕەسمییەکاندا.
٧ـ هەواڵەکردنی ئەو کێشەو شکایەتانەی کە بۆی دێن بۆ لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط).
٨ـ تێڕوانین لە دەست لەکارکێشانەوەی ئەقیب یان جێگرەکەی یان هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن.
٩ـ دامەزراندنی لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکاندا.
١٠ـ پێکهێنانی لیژنە لاوەکییەکان بۆ ئەنجامدانی مەبەستەکانی سەندیکا.
١١ـ ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەو دامەزراندنی ووردکار (مدقق)ێکی ژمێریاری بۆ ووردکاری کردنی حسابکاری دوماهی.
١٢ـ ڕێکخستنی کاغەزەکانی هەڵبژاردن و بەڵگەنامەکانی تر و، سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردن.
١٣ـ بڕیاردان بۆ خودان کردنی ماڵ و عەقارو قەبوڵکردنی خەڵات و پێ بەخشین بە ڕەزامەندی لایەنە پسپۆڕەکان.
١٤ـ دامەزراندنی بەڕێوەبردنی یانەکان بە پێی یاسای کۆمەڵەکان.
١٥ـ ئامادەکردنی پێڕەوی ناوخۆی سەندیکا.
دووەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی بە لیژنەکانی لقەکان بسپێرێ.

**ماددەی شانزدەم:**

نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

١ـ سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی کشتی و ئەنجوومەنی سەندیکا.

٢ـ نوێنەرایەتی کردنی سەندیکا لەلای دەزگا دادوەری و کارگێڕییەکان و دەستە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکان و ڕاستاندنی مامەڵەکان و بەڵگەنامە تایبەتەکان بە سەندیکاوە، وە بۆی هەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی بدا بە هەر یەکێک لەئەندامانی ئەنجوومەن کە خۆی دیاری بکا.

٣ـ پشتگیری کردنی توانای دارایی ئەندامانی سەندیکا بۆ مەبەستی کەفالەت.

**ماددەی حەڤدە:**

ئەندامی ئەنجوومەن بە دەست لەکارکێشراوە دادەندرێ ئەکەر لەسێ دانیشتنی یەک لەدوای یەک یان پێنج دانیشتنی پچڕ پچڕ لە ماوەی ساڵێکدا بەبێ عوزری ڕەوا ئامادەنەبوو.

**ماددەی هەژدەم:**

لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط) لەسێ ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێک دێ و کاری ئەوە تەماشای ئەو شکاتانە بکا کە ئەنجوومەن بۆی ڕەوانە دەکا، وە ئەو بنەمایانە ڕەچاو دەکا کە لە یاسای بەرزەفتی کارمەندانی دەوڵەتدا هاتوون.

**ماددەی نۆزدەم:**

لیژنەی بەرزەفتی بۆی هەیە ئەم سزایانەی خوارەوە دەربهێنێ:

أ ـ ورياكردنەوە.

ب ـ ئینزار.

جـ ـ قەدەغەکردن بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ تێنەپەڕێ، وە ئەو قەدەغەکردنەش دەربارەی کارمەندو کرێکاری فەرمانگە لەسەرکارکردنە لەدوای کاتەکانی دەوامی ڕەسمی و فەرمانگەکەش بە بڕیارەکە ئاگادار دەکرێ.

**ماددەی بیست:**

دەکرێ لە نێوان ماوەی سی ڕۆژ لە مێژووی ئاگادارکردن بە بڕیارەکە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا تانە لە بڕیارەکانی لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط) بدرێ و بڕیاری دادگاش بن بڕە.

**ماددەی بیست و یەک:**

١ـ بە دەنگدانی نهێنی لیژنەی لق لەلایەن ئەندامانەوە هەڵدەبژێردرێ.

٢ـ لیژنەی لق لەسەرۆک و دوو ئەندامی ئەسڵی و ئەندامێکی یەدەگ پێک دێ.

## بەشی چوارەم
## (دارایی سەندیکا)

**ماددەی بیست و دوو:**

دارایی سەندیکا پێک دێ لە:

١ـ ڕەسمەکانی چوونەناو سەندیکا و ڕەسمی بەشداربوونی ساڵانە.

٢ـ ئەو پێ بەخشینانەی لەلایەنە ڕەسمی و ناڕەسمییەکانەوە پێشکەشی دەکرێن.
٣ـ ئەو پیتاک و خەڵاتانەی لەلایەن ئەندامان و غەیری ئەوان بە ڕەزامەندی لایەنە پسپۆڕەکان پێشکەش دەکرێن.
٤ـ قازانجی ئەو ئاهەنگانەی لەبۆ سوودی سەندیکا دەگێڕدرێن.
٥ـ قازانجی ئەو پرۆژانەی کە سەندیکا دەیەوێ دایان بمەزرێنێ یان ئەنجامیان بدا.
٦ـ قازانجی چاپەمەنییەکانی سەندیکا.
٧ـ ئەو ڕەسمانەی ئەنجوومەنی سەندیکا لە ئەنجامی کاری ناوبژیوانیدا بڕیاری لەسەر دەدات.
٨ـ پشتگیری کردنی توانای دارایی ئەندامانی سەندیکا و شایەتنامەکانی ئەنجوومەن دەریان دەچوێنێ.
٩ـ ڕەسمی پشتگیری کردنی کرێ بەندی نێوان ئەندامانی سەندیکاو خودان کارەکان.

## بەشی پێنجەم
## حوکمەکانی دوماهی

**ماددەی بیست و سێ:**
کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ بێ.

**ماددەی بیست و چوار:**
لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و پێنج:**
ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوبوونەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێت.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

هۆیە پێویستەکان:
بۆ پیادەکردنی کارو کۆششەکانی کیمیاگەران وەک باقی توێژەکانی گەلی کوردستان و ئاراستە کردنیان بۆ بەشداریکردن لە ئاوەدانکردنەوەو بونیادنان و گەشەکردنی کوردستان لە بوارەکانی زانستی و ئاوەدانکاری و کشتوکاڵی و پیشەسازییدا، کە ئامانجێکە لە ئامانجەکانی بزاڤی ئازادیخوازی کورد، کە مستەفا بارزانی ئەمر ڕابەرایەتی کرد لە ئازادی و دیموکراسی و فیدرالیزم، بۆ پتەوکردنی ئەم دەستەکەوتانەو چاودێری کردنی بەرژەوەندی ئەندامانی سەندیکا ئەم یاسایە دەرهێندرا.